# شۆڕشەکانی کورد

## و

## کورد و کۆماری عێراق

**(لە ڕووی دەقی پێنجینەی کۆنی خۆیەوە)**

www.ketab.ir

دانانی:

**عەلائەددین سەجادی**

انتشارات کردستان

سنه

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | سجادی، علاءالدین، ۱۹۰۷ - ۱۹۸۴م. |
| عنوان و نام پدیدآور | : | شورشه‌کانی کورد و کرد و کوماری عیراق/ تالیف علاء الدین سجادی. |
| مشخصات نشر | : | سنندج : کردستان، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۳۰٤ ص. |
| شابک | : | ٦-۲٥۹-۹۸۰-۹٦٤-۹۷۸ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | کردان -- ایران -- جنبش‌ها و قیام‌ها |
| موضوع | : | کردان -- عراق -- جنبش‌ها و قیام‌ها |
| موضوع | : | کردان -- جنبش‌ها و قیام‌ها |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۴ ۳س۴ک/DSR۷۲ |
| رده بندی دیویی | : | ۹۵۵/۹۸۴ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۴۰۳۹۶۲۵ |


www.ketab.ir

انتشارات کردستان

# شۆڕشەکانی کورد
## و کورد و کۆماری عێراق


| | |
|---|---|
| ✓ ناوی کتێب (نام کتاب): | شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق |
| ✓ دانراوی (مؤلف): | عەلائەددین سەجادی |
| ✓ پیاچوونەوە و هەڵبژاردن (تصحیح): | ئیلهام قەوامی - ژیلا قەوامی |
| ✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ): | یەکەم (اول) ١٣٩٦ - ٢٠١٧ |
| ✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ): | ١٠٠٠ بەرگ (جلد) |
| ✓ ژمارەی لاپەڕە و قەوارە (تعداد صفحات): | ٣٠٤ لاپەڕە (صفحەی وزیری) |
| ✓ بڵاوکەرەوە (ناشر): | بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) |
| ✓ شابک: | ٩٧٨ - ٩٦٤ - ٩٨٠ - ٢٥٩ - ٦ |

✓ نرخ (قیمت): ١٧,٠٠٠ تمەن - ٧,٠٠٠ دینار

بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنندج - چهارراه شهدا - پاساژ عزّتی - انتشارات کُردستان - تلفن: ٠٨٧٣٣١٦٥٣٨٢

سنە - پاساژی عیزەتی - بڵاوکردنەوەی کوردستان - تەلەفوون: ٣٣١٦٥٣٨٢ ٨٧ ٩٨+


www.ketab.ir

# ناوەڕۆك


سەرەتا ۷
مێژوویەکی کورتی کوردی ۹
ژمارەی کورد ۱۱
شوێنی کورد ۱٦
ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد ۱۹
شۆڕشەکانی کورد ۲۱
قەومییەت ۳۲
شۆڕشی بەدرخانییەکان ٤۳
شۆڕشی حەمە پاشا ٥۹
شۆڕشی سەردار ڕەشی ٦٥
شۆڕشی شێخ مەحموود ۷۱
شۆڕشی بەرزان ۱۲۹
شۆڕشی سمکۆ ۲۱۱
شۆڕشی سابڵاخ ۲۳۱
شۆڕشی عێراق ۲۷۳


www.ketab.ir

# به نێوی خوای گەورە

## سەرەتا

مێژوو لاپەڕەی خۆی هەڵئەگێڕێتەوە و نەتەوە ئەو لاپەڕەیە ئەخوێنێتەوە؛ ئەیخوێنینەوە بۆ ئەوە بزانێ چە کارەسات و قەوماوێك لە باو و باپیرەکانیەوە بەجێ ماوە و چە کرد و کێشمەکێشیان کردووە لە ژێر ئەم ئاسمانە شینەدا بۆ ئەوە لەگەڵ ژیانا هەنگاو باوێژن وە یا لێیانی بەرزێ لەگەڵیانا شان بە شان بڕوا بەڕێوە؟!..

گەلێ جار مێژووی تاقەکەسێك یا قەومێکا و لە دەورێکا مێژووی هەموو قەومەکەیە لەو دەورەدا، وەکوو چۆن زۆرجار مێژووی هەموو قەومەکە ئەبێتە مێژووی نەفسیەتی تاقەتاقەی ئەو گەلە. بە تایبەتی تاقوو گەلێ لە بارەی نەفسیەتا بەتەواوی لێك نزیك ئەبنەوە؛ چونکە ئەو تاقەکەسەی کە ئەبێ بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە وە نەبێ هەموو بوون و نەبوونی شۆڕشەکە لەوا دروست بووبێ ئەگەر هاوکارەکانی وە یا گەلەکەی ئەو شایانییەیان تیا نەبێ ئەو ناتوانێ شۆڕشەکە بگێڕێ. پەندی پێشینانی کوردی ئەڵێ: «چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێ!.». ئەوەندە هەیە هەندێ کاروباری تایبەتی سەرەتا ڕوو ئەکاتە سەرۆکی شۆڕش وە یا شۆڕشگێڕ کە ئەو کاروبارانە دوورن لە چوارچێوەی لاپەڕەی ژیانی یەکێکی ترەوە. ئەمانە زیادەشایانی و یا زیادەبریندارییەك لە سەرۆکەدا پەیدا ئەکەن و ئەمجا ئەویش ئەبێ بە پێشەوای دەستەکەی تر.

وەکوو ئەیزانین هەر گەلێك کە شۆڕشی تێدا هەبووە و شۆڕشی گێڕاوە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە هێناویانە شۆڕشەکانیان خستۆتە سەر شریتێك بۆ ئەوە هەم گەلەکە وە هەم گەلانی تریش چاوێکی پیابخشێنن و زانیارییەکیان بۆ دەرکەوێ کە چە کارەسات و قەوماوێك لە ڕابردوودا ڕووی داوە، تا ئەوانیش لەو بەندانە پەند وەرگرن، وە یا تێ بگەن

www.ketab.ir

کە باو باپیرەکانیان بۆ ژیانی کامەرانی ئەم نەتەوەی خۆیانە چۆن سنگیان ناوە بە قەڵای پۆلایینەوە بۆ ڕووخاندنی؟. وە چۆن گیانی خۆیان کردووە بە گاوگەردوونی ژیانی پڕ سەرفرازی ئەمان.

ئەمانە لە هەموو گەلێکا و لە زمانی هەموو قەومێکا هەبووە و هەیە، قەومی کورد بە هەموو جۆر خوێندوویەتەوە و ئەیخوێنێتەوە، بەڵام ڕەنگبێ ئەوەندە ئاگاداریی نەبووبێ بەسەر شۆڕشەکانی خۆیدا!. دوور نییە ئەم بێئاگادارییەش هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە نەنووسراوە و هەر وەکوو ستێران چەند ڕۆژێك بەسەر زمانی بەرەی ئەو ڕۆژەوە بووە و پاشان کە ئەو ڕۆژو دەورەیە ڕۆیشتووە ناوی مەفهومی شۆڕشەکەش ڕۆیشتووە!..

هەر ئەم سەرچەمە منی هان‌دا بۆ ئەوە کە بە پێ توانا بتوانم شۆڕشەکانی کورد لە کون و قوشبن و لە سەرزاری داستانگێڕەکانەوە کۆ بکەمەوە و بە زمانی خۆشەویستی کوردی بیخەمە سەر قاقەز و پێشکەشی کەم بەو نەتەوەیە کە ئەم جۆرە قارەمانیانەی تێدا ڕوودا‌وە.

مەبەستی من لێرەدا مەبەستی «فەردی و شەخسی» نییە؛ چونکە دوور نییە هەندێ کەس تیایا تووڕە بین، وە یا هەندێك پێ کەیف خۆش بن. نە لە پێ‌خۆشبوونی ئەوان من کەیف خۆش ئەبم، وە نە لە تووڕەبوونی ئەمان تووڕە ئەبم. بۆیەش نابم چونکە وەکوو وترا پەردەکە پەردەی لاپەڕەی قەومەکەیە نەوەك هی تاقە کەسێك. کە مادام وابوو حوکم بۆ گەل و قەومە نەوەك بۆ تاك و فەرد.

هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەڵێم: داستانی ئەم شۆڕشانە پێشکەش ئەکەم بە قەومی خۆشەویستی کورد.

**عەلائەددین سەججادی**

**بەغدا**

**١٩٥٩/١/٢**

◈◈◈

www.ketab.ir